# لەنێوان بیرکردنەوە و خەیاڵی پووچی شاعیرانەدا

بەختیار کەریم

"شاعیران یاسادانەری پشگوێخراوی جیهانن"
شێلی

هێندە صورەت زۆر بووە مەعنا لە بەینا ون بووە
ئێستەکێ بێ صورەت و مەعنایە عەیبی بت پەرست
حاجی قادر

*   *   *

دۆخی هەنووکەی جڤاتی کوردی لە باشوری کوردستان، مایەی تێرامانێکی قووڵە، دۆخێکە کە زێدەتر لە کەلێنێک دەچێت لەنێوان ڕابوردوو و داهاتوودا. دۆخێک نییە چەسپاو و سەقامگیر تا هەوڵی پاراستنی بدەین، هاوکاتیش دۆخێک نییە کە بە ڕەهایی سەپێنراوبێت تا پێمانوابێت بە بیرکردنەوە لە شۆڕش دەتوانین بیگۆڕین. دۆخێکە کە هەموو شتەکان، چەمکەکان، پانتاییەکان و ژینگەکان، تا ئەندازەیەکی سەرسوڕهێنەر تێکەڵکراون و یەک لەسەر ئەرکی ئەوی دی بەردەوامی بە ژیانی کوولەمەرگیی خۆی دەدات. دۆخێکە کە سیاسەت و شیعر، فەلسەفە و قسەی پووچ، دیمۆکراسی و تەرسەقول، کۆمەڵگای مەدەنی و زیندانی نهێنیی پێکەوە دەخرێنە بازاڕەوە، یان لە هەناوی کۆمەڵگادا هەڵدەتۆقێن. سیاسەت چ نییە، کۆمەڵێک پیمان دەڵێن، گوێ لە داریوش بگرن، دیمۆکراسی فەرمانڕەوایی گەلە لەلایەن خودی خۆیەوە، ئیتر پێویست بە لێپرسینەوە ناکات، بڕۆن تا ئاستی گەمژەبوون مەست بن بە شیعر خوێندنەوە. لەم چاند ساڵەدا هەست بە هەبوونی هەوڵێکی کارا و پرۆژەیەکی توندوتۆڵ دەکرێت، بۆ دورخستنەوەی خەڵک لە سیاسەت، سیاسەت بەمانای چالاکیی جڤاکیی و هەستکردن بە بەرپرسیاریی ئێتیکی، نەک بەمانای دانیشتن لە باڵاخانەیەکدا کە پێیدەڵێن پەرلەمان بەبێ ئەوەی ئەرک و فەرمانی هەبێت، سیاسەت بەواتای بەشداریکردن لە تاوتوێکردن، هەڵسەنگاندن و وتووێژکردن لەسەر ئەو مەسەلانەی ڕاستەوخۆ وابەستەن بە خەم و خولیاکانی جڤاتەوە، سیاسەت بەواتای داهێنانی هزری نوێ و واقیعی کۆنکریتیی تازە، لە ئەنجامی ئەو بەشداریکردنە فراوانەی ئەندامانی جڤاتدا. نەک بەواتای سیاسەتی پارتیزانیی (حیزبیی) و بەشداریکردن لەو مەڵبەند و لقانەدا کە جگە لە مرۆڤی ناسیاسیی هیچی دیکە پەروەردەناکەن.

ئەم هەوڵ و پرۆژەیە، سیاسەت تا ئەو ئەندازەیە قێزەون دەکات، کە دایدەبەزێنێت بۆ ئاستی چالاکییەک کە تەنها پیاوە نەزان و درۆزنەکان پێوەی سەرقاڵن، واتا هەوڵێک و پرۆژەیەکە بۆ گێڕانەوەی مرۆڤ بۆ دۆخی ئاژەڵبوون، چونکە کاتێک مرۆڤمان لە سیاسەت، وەک چالاکییەک بۆ تێرامان و سەرنجدان لە ئێستا و ئاییندەی جڤات، دوورخستەوە، ئەوکات مرۆڤ چی دیکە نییە جگە لە ئاژەڵێک کە بەتەنها تێرکردنی ئارەزووەکانی بەسە بۆ گەیاندنی بەو یۆتۆپیایەی شاعیر و تەرسەقولبێژەکان بۆیان کێشاوە. لێرەوە تێدەگەین و پێمان سەیر نابێت کە سیاسەتی زەبوونکراو لەلایەن بەناو شاعیر و هەستناسکەکانەوە، دەبێتە پیشەی کۆمەڵێک بەناو سیاسەتمەداری عەقڵ ئیفلیج

و ئیراده زەبوون، چیتر مرۆڤە دەگمەنە خاوەن ئیرادەکان لەو مەیدانە تەرە دەکرێن و کۆمەڵێک لێبووک و سەماکەر دەبنە ئەکتەری سەرەکیی ئەو مەیدانە زەلیلە. لەم نێوەندەدا کۆمەڵگا دەبێتە "کۆمەڵگای هیچ کەس"، ئەگەر دەربڕینەکەی هانا ئارێنتی مەزن بەکارببەین. لە کۆمەڵگایەکی ئەوهادا "خەیاڵ" دەبێتە کاری ئەو شاعیرە بەناو مەزنانەی کە لە بەهرەی بیرکردنەوە بێبەشن. کاتێک خەیاڵ جێگەی تێڕامانی گرتەوە، ئیتر کۆمەڵگا دەبێتە ئەو کۆمەڵگایەی کە بەتەنها شیعری پووچ بەرهەمدەهێنێت و تاقە یەک دەقی نابێت کە زادەی بیرکردنەوە و تێڕامان بێت.

بۆ ئەوەی خوینەر واتێنەگات کە ئێمە دوژمنی شیعرین، ڕێگەمان بدەن بڵێین کە شیعر یەکێکە لە داهێنانە هەرە پرشنگدارەکانی هزری مرۆڤ. بیرکردنەوەی ڕاستەقینەش لەو دەقە ئەدەبییانەدا دەبینینەوە کە شاعیر و ئەدیبەکان بەرهەمهێنین، نەک فەیلەسوف و بیریارەکان. بەڵام دووبارە گرنگە واتێنەگەین کە مەبەست لەمە هەموو شاعیرێک و هەموو ئەدیبێکە، کورد چەند مەحوی و چەند حاجی و خانی هەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەسە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە تەنها دەقە باڵا و دانسقەکان دەتوانن ببنە ئاوێنەی بیرکردنەوەی ڕاستەقینە و ئاوێتە بە خەیاڵێکی بەپیت. ناکرێت نکوڵی لەوە بکەین کە پەیوەندی ئێمەی خوێنەری کورد لەگەڵ شیعردا، پەیوەندییەکی ڕۆحی و دەروونی ئێجگار پتەو و ئاڵۆزە. لێرەوە هەموو تێڕامانێک لە کۆمەڵگا بۆ ئەوەی تەندروست و پڕاوپڕ بێت پێویستە هاوشانی تێڕامانیک بێت لەسەر کاریگەرییە باش و خراپەکانی شیعر. لەسەرەوە ئاماژەمان بەوەدا کە کۆمەڵگای ئێمە لە کەلێنێک دەچێت لەنێوان رابوردوو و داهاتوودا، کەلێنێک نەک ئێستایەک کە خاوەنی بەها و ڕێچکەی تایبەت بەخۆی بێت. لە هەموو سەردەمەکانیشدا، ئێمە پێویستمان بە داهێنەرێکە کە لەڕێگای تێڕامانی قووڵەوە لە ئێستا، ئەو ڕابوردوو و داهاتووە پێکەوەگرێبدات. داهێنەرێکی ناوازەی وەک نالی لەڕێگای دەقە نەمرەکانییەوە، پردێکی لەنێوان ڕبوردوو و داهاتودا دروستکرد. بەڵام نالی نەیدەتوانی ئەم پردە بونیاتبنێت ئەگەر وەک هزرڤانێکی سەردەمەکەی خۆی "ئێستا"ی ئەوسای دەستەمۆ نەکردایە، نالی لەیەک کاتدا قوربانی ئەو ئێستایەی سەردەمەکەی و نێچرڤانێکی لێوەشاوەبوو کە ئەو ئێستایەی لەڕێگای دەقەکانییەوە ڕام کرد. لێرەدا گرنگی دروستکردنی ئەم پردە هاوکات جەختکردنەوەیە لە گرنگی بیرکردنەوە: بیرکردنەوە لە هەموو ئەو شتانەی ئێستامان لێ تەرە و داهاتوومان لێڵ دەکەن. بەبێ ئەم پرۆسەی بیرکردنەوەیە، هەموو قسەکردنێک لەسەر ئەفراندن لەڕێگای خەیاڵەوە، خۆی لە خۆیدا خەیاڵێکی پووچە و تەنها لەو مێشکانەدا نیشتەجێ دەبێت کە ئەوەندەی مێشکی سمۆرەیەک دەبن و ئومێدیان بەبیرکردنەوە لە دەستداوە. لەگەڵ ئەم خۆشەویستییەماندا بۆ شیعر و کاریگەرییەکەی، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، شیعر کراوەتە کەرەستەیەک بۆ زەبوونکردنی کردەی سیاسەت کە لە هەناوی "بوون"ی مرۆڤدایە. وەک لە خوارەوەش دەبینین شاعیرۆکەی خەیاڵپلاو دەیانەوێت خوێنەرەکانیان لە بیرکردنەوە تەرەبکەن و بۆ سەرمەستبوون بە گەمژەیی و خەیاڵێکی پووچ بانگهێشتیان دەکەن.

* * *

هەندێک جار لێرە و لەوێ شاعیرۆکە دەردەکەون کە لە ڕیزکردنی ڕستەدا ئوستادن، ڕێزکردنێک کە خوێنەری هوشیار زوو تێدەگات کە زادەی هزرێک نییە کە بەر لە نووسین بیری کردبێتەوە، یان لەوانەیە زادەی هزرێک بێت کە هەرگیز بیرنەکاتەوە. ئەم جۆرە لە شیعرنووس، بەدەر لەوەی خاوەنی چەند کتێب و شیعرنامەن، وەک گیاکەڵەن بۆ باخچەی شیعری کوردی. لەڕاستییدا لە ئێستادا بۆ ئەوەی هەناسەیەک بکەینەوە بەبەری شیعردا و لە داخزان ڕزگاری بکەین، ئەوانەی کە هەستی بەرپرسیارێتیان هەیە پێویستە لە شیعر نووسین بووەستن. ئەگەر نا ئەوە ئێمە هاوکات خۆمان

خەجاڵەتی خانی، حاجی، نالی، مەحوی و هتد... و خۆمان شەرمەندەی ئەوە شیعردۆستەکانی ئاییندە دەکەین. ئەمە تەنها پێشنیارێکە، دڵنیاشین کەس باکی پێینابێت. بەڵام ئەم گیاکەڵە و هەرێزانەی شیعری کوردی بەتەنها باخچەی شیعریان نەکردۆتە بێشەڵان، بەڵکو ئەو جیاوازییەشیان سڕیوەتەوە کە دەکەوێتە نێوان (خەیاڵ وەک کەرەستەی تێڕامان و دەروازە بۆ ئەفراندن) لەگەڵ (هزراندن و بیرکردنەوەی پەتی بۆ بونیاتنان و بەدیهێنانی گۆڕان). ئەمەی دووەمیان خولیای تێڕامانەکانی ئەم وتارە کورتە دەبێت، واتا سەرنجدان لە تێکەڵکردنی خەیاڵ و هزر یان خەیاڵ و بیرکردنەوە جێگەی سەرقاڵیمان دەبێت.

بەڵێ ئەم ئافاتەی دووەمیان بەتەنها جەستەی شیعری دانەڕزاندەوە، بەڵکو جەستەی کۆی پرۆسەکانی بیرکردنەوەشی لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئیفلیج کردووە. کاتێک ئەم بەناو شاعیرانە خەیاڵ و هزر تێکەڵ بەیەک دەکەن، کاتێک پێمان دەڵێن: "خەیاڵ بیرکردنەوەیە". ئەمە نەک بەتەنها ئاماژەیە بۆ تێنەگەیشتن لە بیرکردنەوە، یان بیرنەکردنەوەیە لە بیرکردنەوە، بەڵکو هاوکاتیش ئاماژەیە بۆ بانگهێشتنکردنی خوێنەر بۆ سەر خوانی تەمبەڵی و خەیاڵکردن بۆ بەرهەمهێنانی شیعری پووچ. کاتێک نووسەرێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە: سەرچاوەکانی هزر و دواتریش نووسین خەیاڵە، بە ناڕاستەوخۆ پێماندەڵێت، هەموو شتێک کە زادەی خەیاڵ بێت هزرێکی باڵایە، ئەوانەش کە تەمەنیان بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە تەرخان دەکەن، ئەوەندەی شاعیرێکی خەیاڵپڵاو خزمەت بە مرۆڤایەتی ناکەن. تێگەیشتن لەم تێکەڵکردنەی خەیاڵ و بیرکردنەوە، هەنگاوی یەکەمە بۆ گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە دەبووایە لەمێژبوو لە خۆمانی بکەین: نهێنی نەبووی بچوکترین داهێنان لە بوارەکانی هزردا لای ئێمە لەچیدایە؟ هاوکات نهێنی هەبوونی ئەو هەموو سەلوێنکە شیعرە چیە (لە ئەدەبی کوردیدا تەنها چەند خەرمانێکمان هەیە لە شیعری مەزن کە خوێنەری بەسەلیقە دەزانێت خاوەنەکانیان کێن)؟

دەشێت یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتنی ئێمە و نەبوونە خاوەن ژیار، باڵادەستی ئەو هزرە سیاسییە زەلیلە بێت، کە تەنها لەڕێگای زەلیلکردن و بەمێگەلکردنی جەماوەرەوە دەتوانێت درێژە بە فەرمانڕەوایی خۆی بدات. بەڵام ئاسانە هەموو تاوانەکان بپێچینە ملی دیکتاتۆرەکانمان، وەلێ سەختە ددان بەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەدا بنێین کە لە گەردنی خۆماندایە. ئێمەش لەڕێگای بیرنەکردنەوەوە چالاکانە بەشدارین لەو داڕزانە کۆمەڵایەتی و مۆراڵییەدا کە چەندین سەدەیە لەتەکیدا دەرگیرین، لەڕێگای بیرنەکردنەوەوە خۆمان و نەوەکانی دوای خۆمان دەدەینە دەست ئەو خەیاڵە نەزۆکە شاعیرانەیەی کە هەندێک بە سەرچاوەی ماریفەی دەزانن. ددانان بەو کەمتەرخەمیەدا، تێگەیشتنە لە چۆنێتی بەشداریمان لە بەرهەمهێنانی دیکتاتۆرییەت و جەهلدا، هاوکاتیش ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئاییندەدا، ئاییندەیەک کە دەشێت دەرگایەک بەڕووی بیرکردنەوەدا بکاتەوە، بەبێ ئەوەی پەنجەرەکانی خەیاڵ شەتەک بدات. تکامان لە خوێنەری ئەزیز ئەوەیە کە بەوردی و چەند جارێک ئەو دێڕە فرەڕەهەندەی حاجی قادی کۆیی کە لەسەرەوە داماننا وە بخوێنێتەوە، ئەوسا تێدەگەین کە کێشەی خەیاڵپڵاوی و گیرۆدەبوون بەدەست خەیاڵی پووچی بێبەرهەمەوە، کێشەیەکی نوێ نییە. ئەوەتا حاجی دانا دەفەرموویێت، ئەوانەی لەڕێگای وێنەی خەیاڵە پووچەکەیانەوە مەعنایان کردۆتە قوربانی وەکی بت پەرستن. بیرکردنەوەش گەڕانە بەدوای مانادا، هیچ کام لەو وێنانەی شاعیرێک بۆمان دەکێشێت بەهایەکی نابێت ئەگەر بیرکردنەوە و گەڕانێکی تاقەپرووکێن بەدوای مانادا لە پشتییەوە نەبێت. ئەمەش دەشێت ئەو گرێکوێرەیەمان بۆ بکاتەوە و تێمان بگەیەنێت کە چما هەندێک نووسەری عەنتیکە و نەخوێندەوار هێشتا نووسین بە بەرهەمی "بڕوا" دەزانن. پێویستە حاجی و هاوشێوەکانی لەڕیزی ئەو شاعیرانەدا پۆلێن بکەین بە گوتەی شێلی یاسادانەری پشگوێخراوی جیهانن. هاوکات لە تەرزە شاعیرەی جیابکەینەوە کە بڕوا سەرچاوەی نووسینیانە نەک بیرکردنەوە.

ئێمه بۆ ئەوەی بیربکەینەوە پێویستمان بەوە نییە لەگەڵ خەیاڵاندن و ئەفراندن لەڕێگای خەیاڵی بەپیتەوە بجەنگێین، بەڵام بۆ ئەوەی پانتایی خەیاڵمان بەپیت بێت، پێویستە لەگەڵ بیرکردنەوەی قووڵدا دەرگیربین و لەگەڵ هزری بەرهەمداردا دەستوپەنجەمان نەرم بکەین. لە جیهانی نووسیندا هەموو خەیاڵێک پووچە ئەگەر هاوشانی عەقڵێکی بیرکەرەوە نەبێت، هەموو خەیاڵێک هاوشێوەی خەونی حوشترە، ئەگەر لەسەر بناغەی ماندووبوون، بیرکردنەوە و تێڕامانی قووڵ بنیات نەنرابێت. خەیاڵێک کە ڕەگەکەی لە زەمینی عەقڵێکی کاراوە چەکەرەی نەکربێت، بەرهەمەکەی زڕ و کۆتایی خاوەنەکەشی گەڕان دەبێت بەدوای خۆشنوودیدا بەبێ گوێدانە هیچ بەهایەک. کەم نین ژمارەی ئەو شاعیرە کوردانەی بوونە شایەری بەردەرکەکەی سەدام، کەمیش نین ژمارەی ئەو شاعیرانەی ئەمڕۆ بوونەتە شایەر و سەرچۆپیکێشی دیکتاتۆرە گرگنەکانی خۆمان. ئاخر ئەگەر خەیاڵی ئەم جۆرە لە شاعیر لە عەقڵێکی بیرکەرەوەدا ڕەگئاژۆبووایە، هەرگیز شایەریی نەدەبووە چارەنووسی کەسی خاوەن خەیاڵ و خەیاڵەکەش نەدەبووە تەپاڵەیەکی تر بۆ سەر سەلوێنکی باڵابەرزی خەیاڵی پووچ.

سەرەڕای ئەم بێبەرهەمیی و بەدفەڕییە، یەکێک لە دانسقەترین و ناوازەترین دیاردەی هاوبەش لەنێوان زۆربەی نووسەرانی کورددا ئەوەیە، کە هەموو ڕێگاکان دەچینەوە سەر (من)، واتا خودی نووسەر. بەدەگمەن نووسەری کورد دەبینیت باس لە نەزانی خۆی لە بوارێکی دیارکراودا بکات، بەڵکو لە هەموو بوارەکاندا بلێقاسمە. نووسەری کورد لە هەموو بوارەکاندا وەستایە (بە هەردوو مانەکەی وشەکە) هەر لە فەلەکناسییەوە هەتا دەگاتە "سایکۆسۆسیۆپۆلیتۆکۆفیلۆسۆفی"، وەستایە (بەواتا شێوەزارە سلێمانییەکەی وشەکە) چونکە خۆی وانیشانی خوێنەر دەدات کە لە هەموو ئەو بوارانەدا زانایە، دیسان وەستایە (بەواتا شێوەزارە هەولێرییەکەی وشەکە) چونکە لە هیچ کام لەو بوارانەدا گلمتێکی بۆ نەخراوەتە سەر وشکەکەڵەکی هزری کوردی. کاتێک (من) دەبێتە بابەتی هەموو نووسینێک، ئێمە لەبەردەم نووسەرێکداین کە دەربڕین لە "خودێکی زامدار" دەکات، زیاتر لەوەی دەربڕین لە هزرێک بکات کە تێڕامانی هەبووە لە دیاردەیەکی گرنگ. لەکاتی خوێندنەوەی ئەم بریننامانەدا ئێمەی خوێنەر لە ئاستانەی جەهلێکداین کە باکی بەخۆی نەبێت باکی بەهیچ نییە. بەکورتی نووسەری ئێمە "ئیگۆ"کەی ئەوەندە زەبەلاحە، دەرفەتی نییە لەسەر خەمەکانی کەسانێکی دیکە بدوێت، لای کەسانێک کە خاوەنی ئەم جۆرە لە ئیگۆن، باس هەر باسی "خەباتی من"، "پاداشت بۆ من" و "خەڵاتەکەی من"ە، بەڵام لەبیریان دەچێت کە ژیان هێشتا بەبەریەوە ماوە، دیکتاتۆرەکان هێشتا ئاوانەبوون، هێشتا ئێوارەی بونیاتنانە و کەسانێکی دیکەش ماندوودەبن، زیندانی دەکرێن و خەبات دەکەن. لای ئەم نووسەرانە ژیان ئەو کاتە دەستی پێکرد کە ئەوان لە دایکبوون، ژیانیش ئەوکاتە بە کەماڵ گەیشت کە ئەوان قەڵەمەکانیان هەڕاج کرد و بوونە کاڵای دەستی دیکتاتۆرە خۆماڵییەکان.

خەرمانی خەمەکانی شیعردۆستی کورد زۆر لەوە بەبەرەکەتترە ئێمە لێرەدا دەرەقەتی شەن و کەو کردنی بێین، بەڵام ئەم پانتاییە شایانی تێڕامانە، بریا ڕەخنەگرمان هەبان بۆ لەقاودانی ئەو شاعیر و ماعیرانەی کە خەریکە شیعر لەبەرچاوی خوێنەری ئێمە دەخەن! بەڵام نیتمان، ئێمە ڕەخنەگرمان نییە، ئەمەش کارەکە سەختتر دەکات و ناچاردەبین لێیبگەڕێین بۆ ئەو ڕۆژەی یەکەم ڕەخنەگری ئەدەبیی لەناو کورددا لەدایک دەبێت!

لە کۆتاییدا پێمان باشە جەخت لە گرنگی خەیاڵ بکەینەوە. بەڵام کام خەیاڵ؟ ئەو خەیاڵەی کە شاعیرەکانی دەربار پێیانوایە لەڕێگای نووسینی دوو دێڕ بەناو شیعرەوە بە خوێنەری دەبەخشن؟ بێگومان نا. خەیاڵ بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە خۆڕاهێنانە لەسەر مۆدێکی تر لە بیرکردنەوە، جیاواز لەو بیرکردنەوەیەی کە ئەم جۆرە شاعیرە ڕووکەشانە دەربڕینی لێدەکەن. هەموومان بیردەکەینەوە، ئەوە جێگەی پرسیار نییە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کاتێک ئەو بیرکردنەوەیەمان ڕژاندە سەر کاغەز دەبێت بزانین، کە ئەو بیرکردنەوەیەی ئێمە دەبێتە موڵکی گشتی، دەچێتە بواری گشتییەوە

و چیتر موڵکی تاکەکەسێک نییە. ئەمە هۆکاری قسەکردنی هەموومانە لەسەر بەرپرسیاریێتی نووسەر لەبەرامبەر خوێنەردا. بەڵام کاتێک نووسەر پێیوابوو دەتوانێت لەڕێگای خەیاڵەوە چامە بنووسێت، ئەوە ئەو کاتە لە لوتکەی گومڕاییدا ژیانێکی بی بەها دەگوزەرێنێت. کاتێک نووسەر پێیوابوو، لەڕێگای خۆدەرخستن و بازوونمایشکردنەوە دەتوانێت کۆی کۆمەڵگایەک هەڵبەخەڵەتێنێت، ئەوکاتە نووسەر لەوپەڕی گێلیدا دەژی و بێحورمەتی بە مرۆڤبوونی خۆی و خوێنەرەکانی دەکات. خەیاڵ بەوپێیەی ئێمە مەبەستمانە ناکرێت لە بیرکردنەوە و تێرامانی داببڕین، بۆیە ناڕەوا نییە ئەگەر دووبارە بڵێینەوە: ئەو خەیاڵەی ڕەگئاژۆی عەقڵ و ئاوێتەی بیرکردنەوە و تێڕامان نەبێت، جگە لە خەوبرنەوەی مرۆڤە تەوەزەلەکان هیچی دیکە نییە.

بیرکردنەوە تەنها پەناگە و دوا ساباتە کە مرۆڤ لەسایەیدا خۆی لە تاریکیی و گەرمای سەردەمە داڕزیوەکان پەنابدات. بیرکردنەوە، وەک ئارێنت دەڵێت: "جۆرێکی ترە لە ئازادی و بزاوتێکە لەنێو جیهانی ئازادییدا"، کاتێکیش، وەک هەنووکەی کۆمەڵگای کوردی، بواری گشتیی لەلایەن چەند چەتە و شاعیرێکەوە قۆرخ دەکرێت، مرۆڤە پاکەکانی کۆمەڵگا پەنا "بۆ ئازادی بیرکردنەوەی خۆیان دەبەن" و دەیکەنە دوا پەناگە. ئێمە لێرەدا باس لە دەربازبوون ناکەین لە هەژموونی چەتە و شاعیرەکان، بەڵکو باس لە بیرکردنەوەیەک دەکەین بۆ خۆ پەنادان لە خەیاڵی پووچی شاعیرانە و ڕەوشتی بەدی چەتەییانە. بۆ قووتاربوون پێویستمان بە بیرکردنەوەی سەربەخۆ هەیە، کە ئێرە شوێنی قسەکردن نییە لەسەری. کاتێک چەتە و شاعیرەکان دەبنە هاوپەیمان دەبێت پەنا بۆ بیرکردنەوەیەکی نوێ بەرین و لەو خەیالانە بترسین کە زەبوونانە سەلوێنکی جەهل بالابەرزتر دەکەن. ئاخر تا ئێستا ڕوویندەاوە لە تەئریخی میللەتا، زاری شاعیر و نووسەران زبڵخانەی ستەمکاران بێت. لەبەرئەوە نە خەیاڵی پووچی شاعیرانە دادمان دەدات، نە بیرکردنەوە بەشێوازە کۆنەکان.

سەرنج: بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی "بیرکردنەوەی ئارێنت لە بیرکردنەوە"، بڕوانە کتێبی:

Arendt, Hannah, (1968), Men in Dark Times, New York: Harcourt, Brace & World.

2006/11/23

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند